بۆکان لە مێژوودا (٩٧)        ئەنوەر سوڵتانی

## گۆڤاری "مەهاباد"

گۆڤاری کوردی - فارسی "مەهاباد"، چاپی شاری مەهاباد یەک لەو سەرچاوانەیە کە بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی ئەدەبی – مێژوویی - فەرهەنگی ژیان لە بۆکان گەلێک بەسوودە. گۆڤارەکە، یەکەم ژمارەی لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٠ [مارسی ٢٠٠١] لە مەهاباد دەرچوە و من تا ئێستا ٧٤ ژمارەیم لێ بینیوە.

بابەتی لەمەڕ بۆکان یا خود ئەو بابەتانەی وا لە لایەن بۆکانیانەوە نووسراون لە نزیکەی هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە کە دا دەبینرێن. بۆ نموونە، ژمارەی یەکەم بابەتێکی سەبارەت بە حەسەن زیرەکی تێدایە کە مام جەلال[تاڵەبانی] نووسیویەتی، وتارێکی فارسی لەسەر ئەشکەوتی سەهۆڵان تێدایە کە جەعفەری ئاڵی نووسیویە، دووپارچە شیعری [محەمەد] نووری و عومەر سوڵتانی (وەفا) و چەند بابەتی نووسەرانی دیکەشی تێدایە کە هەرچەندە لێیان دڵنیا نیم، بەڵام زۆر واهەیە بۆکانی بن.

لە ژمارەکانی دیکەی گۆڤارەکەش دا بەهەمان شێوە، بۆکان رەنگی تەواوی داوەتەوە و بۆ نموونە، لە ژمارە ٧٣ دا پارچە شیعرێکی هێمن لە لایەن سەعید نەجاری (ئاسۆ) وە کراوەتە فارسی و هادی حەبیبی بابەتێکی بە ناوەڕۆکی لەسەر پێکەنینی گەدای "حەسەنی قزڵجی" نووسیوە. هەڵسەنگاندنی مێژووی فەرهەنگی شاری بۆکان لە ماوەی ئەم ٧ ساڵەی دواییدا بەبێ ئاوڕدانەوە لە گۆڤاری مەهاباد، ناتەواو دەبێت.

گۆڤاری "مەهاباد"، مودیری مەسئول و خاوەن ئیمتیاز : ئەحمەد بەحری، دەستەی نووسەران : ئەحمەد شەریفی، مەنسوور حامیدی، نەسرین جەعفەری، عەزیز وەلیانی، کەماڵ حەسۆ، مەهاباد، خیابان سید نظام، صندوق پستی ٤٣٦.